# تێروانینی خوێندکارانی کاری کۆمەڵایەتی بۆ کاری خۆبەخشی

## توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەناو زانکۆی سلێمانی

**م.ی سازان محمد سعید کریم**

**Sazan.kareem@univsul.edu.iq**

**ڕێکەوتی وەرگرتنی ڕەزامەندی توێژینەوە: 2024/4/15**

**پوختە:**

کاری خۆبەخشی لە ئێستادا وەک پێداویستیەک تاماشای دەکێت لەپێناو پێکەوە ژیانی مرۆیی ، کاری خۆبەخشی تەنها پێدانی هاوکاری مادی نیە بە هەژاران ، بەرفراوان بوە بۆ لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی ودەروونی ، ئەمەش تەنها چین وتوێژێکی دیاریکراو ناگرێتەوە بەڵکو وەک بەشێکی سەرەکی لەناوسەرجەم سێکتەرەکانی کۆمەڵگە بوونی هەیە لەوانەش بواری منداڵان وخانمان و بەساڵاچوان وخاوەن پێداویستی تایبەت وپاراستنی ژینگە وچەندین بواری دیکەی وەک هاوکاری کردنی گەنجانی بەهرەمەند وداهێنەرلە رووی زانستی ووەرزشی وئەلەکترۆنی ، لەم رووەوە ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدراوە ئامانجی سەرەکی بریتیە لە بەشداری پێکردنی گەنجان ولاوان بەگشتی وگەنجی زانکۆ بە تایبەتی ، لەرێگەی وەرگرتنی راوبۆچونیان لەسەر ئەو پرسە وگرنگترین بوارەکانی کاری خۆبەخشی چین وچی بەربەستە لەبەردەم بەشداری گەنجان ، ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتو:

**بەشی یەکەم /چوارچێوەی گشتی توێژینەوە ( کێشە وگرنگی وئامانج)**

**بەشی دووەم / چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە ( تەوزیفکردنی تیۆرەی زانستی لە کاری خۆبەخشی)**

**بەشی سێهەم / میتۆدۆلۆژی توێژینەوە ( جۆری ئەم توێژینەوەیە وەسفی شیکارییە ، کۆمەڵگەی توێژینەوە خوێندکارانی بەشی کاری کۆمەڵایەتیین لە زانکۆی سلێمانی کە بە شێوەی هەرەمەکی لە کۆمەڵگەی سەرەکی وەرگیراون ، بەکارهێنانی فۆرمی زانیاری و پێوانەکردنی بە ڕێگەی پێوەری ئاماری ناسراو بە (مقیاس).**

لەگرنگترین ئەنجامەکانی ئارەزوویەکی زۆر لە نێوان گەنجانی زانکۆ هەیە بۆ بەشداریکردن لە کاری خۆبەخشی ولەئێستادا هەلی ئەو بەشداریکردنە نەرەخساوە ، هەروەها لەرێی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بە دیاریکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم بەشداری گەنجان لە کاری خۆبەخشی لەوانەش نەبوونی پردی پەیوەندی لەنێوان لایەنی پەیوەندیدار وگەنجان لە پرۆسەی کاری خۆبەخشی .

## پێشەکی

کاری خۆبەخشی بنەمایەکی سەرەکی پێکهێنانی هەر کۆمەڵگەیەکە ، وهۆکارە بۆ هاوبەندی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە بەسەرجەم چین و توێژەکانیەوە ، کاری خۆبەخشی ڕەفتارێکی مرۆییە وپابەندە بە مرۆڤ بوونەوە ، کەچەندین شێوازی وەرگرتوە لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتی ، بەپێی پێداویستیەکان و کێشەکان گۆڕانکاری بەسەر کاری کۆمەڵایەتی خۆبەخشی هاتووە .

دەستپێکی کاری خۆبەخشی بە ئەنجامدانی کارەکان بە بەکارهێنانی هێزی دەست وبازوو بوە لەڕووی ماددی و مەعنوەی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی پێداویستیە زۆروهەمەجۆرە روو لە زیادەکان ، بەڵام دواتر بەهۆی بەرفراوانبوونی کۆمەڵگەکان وبەرزبوونەوەی خواست و داواکاری هاوچەرخ ، کاری خۆبەخشی شێوازێکی نوێ ی وەرگرت ئەویش لە ڕێگەی دامەزراوەکان لەپێناو دیاریکردنی خواستەکان وەک ئامانج لەلایەک وڕێکخستنی هەوڵ و ماندوو بوونی کەسەکان و ئاراستەکردنییان ، گەنجیش لایەنێکی چالاک وپڕ وزەی ئەنجامدانی کاری خۆبەخشییە وهەموو کاتێک بۆچوون و داهێنانیان هەیە لەم رووەوە لەگەڵ بەشداری چالاکانەیان .

### بەشی یەکەم / چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

### ١.١کێشەی توێژینەوە

کێشەی توێژینەوە بنەمای سەرەکی هاندانی توێژەرە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی (القحطانی ، ٢٠٢٠، ل١٩١) .

بەهۆی گرنگی کاری خۆبەخشی وجیاوازی و هەمەرەنگی ئەوکەسانەی ئەنجامی ئەدەن ، جیاوازی دروست بوە لەبەرەی کات و شوێن و چۆنیەتی ئەنجامدانی وئەو کەسانەش کە سوود مەند ئەبن لەم کارە ، ئەمەش بووە پاڵنەری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە وبەهۆی چالاکی چینی گەنجان لەم رووەوە بە پێویستمان زانی بەشێوەیەکی زانستی تێڕوانینی کۆمەڵێک گەنجی زانکۆ شرۆڤە بکرێت بۆ خستنە رووی هۆکارەکانی جیاوازیەکان لە ئاست کاری کۆمەڵایەتی خۆبەخشی ، بۆروونکردنەوەی ئەم پرسە چند پرسیارێک ئاراستەی گەنجان کران/

١.تێڕوانینت بۆ کاری خۆبەخشی چی یە ؟

٢.ئەو بوارانە چین کە گە گەنجانی زانکۆ ئارازووی کاری خۆبەخشی تێدا دەکەن ؟

٣.ئەو سودانە چین کە گەنجێکی زانکۆ چاوڕوانی بەدیهێنانی دەکات لەدوای ئەنجامدانی کاری خۆبەخشی ؟

٤.ڕێگری هەیە لەبەردەم کاری خۆبەخشی ؟ ئەگەر هەن چین؟

### ١.٢ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی توێژینەوە تێگەشتنێکە بۆ بارودۆخ و دیاردەکانی دەوروبەرمان وهەوڵدان بۆ شیکردنەوەییان (ابوعلام ، ٢٠٠٦ ، ل٤٦) ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵدایە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە /

١.خستنەرووی ئاستی بەشداریکردنی گەنجانی زانکۆ لە کاری خۆبەخشی .

٢.شارەزابوون دەربارەی گرنگترین ئەو بوارانەی کە گەنجانی زانکۆ ئارەزوو دەکەن بەشداریکاری خۆبەخشی تێدا بکەن .

٣.خستنەرووی ئەو سودەی کە گەنجانی زانکۆ چاوەروانی بەدەستهێنانی دەکەن لەپای کاری خۆبەخشی

٤.گرنگترین ئەو ڕێگرییانەی هۆکارن بۆ پەکخستنی بەشداری کردنی گەنجی زانکۆ لە کاری خۆبەخشی

**١.٣گرنگی توێژینەوە**

گرنگی توێژینەوە لەوەو سەرچاوە دەگرێت کە وەک هاندەر کار لە توێژەر دەکات وهەستی بەدوادا چوونی پێدەدات بۆ ئەنجامدانی کارێکی زانستی بەپەرۆشەوە (المحروقی ، ٢٠١٢ ، ل١٥) . گرنگی ئەم توێژینەوەیەش لە گرنگی کاری کۆمەڵایەتی خۆبەشییەوە سەرچاوە دەگرێت کە بەرفراوان دەبێتەوە بۆ گەشپێدانی مرۆیی و پاراستنی ژینگە وگرنگیدان بە هەندێک چین و توێژی کۆمەڵایەتی کە پێویستییان بە دەست گرتن و هاوکاریە ، لە و گرنگیانەش /

١.گرنگی ڕۆڵی کاری خۆبەخشی وگرنگی بەشداری پێکردنی گەنجان بەگشتی و گەنجی زانکۆ بە تایبەتی .

٢. رەخساندنی زانیاری دەربارەی تێروانینی گەنجی زانکۆی بۆ کاری خۆبەخشی .

٣.بەهەدەر نادانی کات و ماندوو بوون لەڕێگەی دیاریکردنی بەربەستەکانی بەردەم سەرکەوتنی کاری خۆبەخشی لەلایەن خودی گەنجانی زانکۆ .

٤. دیاری کردنی ئەو بوارانەی گەنجانی زانکۆ ئارەزووی دەکەن هۆکارە بۆ بەدەستهێنانی ئاماجی کاری خۆبەخشی بە ئاسانی و دوور لە کێشە .

**١.٤سنووری توێژینەوە**

سنوری مرۆیی / خوێنکارانی بەشی کاری کۆمەڵایەتی لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی .

سنوری شوێن / زانکۆی سلێمانی

سنوری کات / وەرزی دووەمی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣/٢٠٢٢

**١.٥پێناسەی چەمک وزاراوەکان**

١.**تێروانین /**

تێروانینیش سێ ئاراستەی هەیە (گەشبینی ، ڕەشبینی ، رەزامەندی ) ، ئەم هەستانە سیفەتی مرۆڤبوون بەکەسەکان دەبەخشێت (المطیری ، ٢٠٠٨ ، ل٢٣) .



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**٢.خوێنکاری زانکۆ /**

کەسێکە کە لێهاتووییە زانستیەکانی ڕێگەییان پێداوە شوێنی فێربوون لە قۆناغی ئامادەی بگوازێتەوە بۆ قۆناغی پێکهێنانی پیشەیی ، کە بە زانکۆ ناسراوە ، وە خوێنکار سەرەکیترین بنەمای فێرکردنە بە درێژایی ماوەی خوێندنی زانکۆیی بەهۆی نواندنی زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی ناو زانکۆیێک دەهێنن (الاسدی ، ٢٠١٤ ، ل ٦٩) .

**خوێندکاری زانکۆ /**

گوزارشتی خوێندکاری زانکۆ بەشێوەیەکی گشتی وەک توێژێکی ڕۆشنبیری ناو کۆمەڵگە ئەژمار دەکرێن ، تاکێک کە خوێندنی ئەکادیمی و پیشەیی هەڵبژاردوە (ابراهیم ، ٢٠٠٣ ، ل٣٠) .

پێناسەی ڕێککاری / خوێندکاری زانکۆ بەشێکی سەرەکی پرۆسەی فێرکردن لەناو زانکۆ پێک دەهێنێت ، کەرەستەی خاوە بۆ وەبەرهێنانی مرۆیی کە هۆکاری پێشخستنی هەر کۆمەڵگەیەکە .

**٣.کاری کۆمەڵایەتی /**

کۆنترین پێناسە بۆ کاری کۆمەڵایەتی ، ئەو پێناسەیەیە کە لە کتێبی کاری کۆمەڵایەتی لە ئەمەریکا لەساڵی (١٩٥٥) کراوە کە کاری کۆمەڵایەتی بە خزمەتێکی پیشەیی وەسف دەکات کە پێشکەشی تاکەکان وکۆمەڵەکان دەکرێت بەجۆرێک لەگەڵ باری گوزەران وپێداویستیەکانیاندا بگونجێت لە کۆمەڵگەدا ( سعفان ، ٢٠٢١ ، ل٣٢) .

**کاری کۆمەڵایەتی /**

کۆمەڵێک هەوڵدان و کۆششە ئاراستەی پێشکەشکردنی هاریکاری لەسەر ئاستی تاک وگروپ تەنانەت کۆمەڵگە دەکرێت ، لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجێک کە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت ، کەواتە پیشەیەکی مرۆییە خزمەتەکانی لە مرۆڤەوە پێشکەشی مرۆڤێکی دیکە دەکرێت ، لەڕێگەی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لەناو دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان پیادە دەکرێت (نیازی ، ٢٠١١ ، ل٨٨) .

**پێناسەی ڕێکاری/**

کاری کۆمەڵایەتی ڕێگایەکی زانستی یە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ مرۆڤایەتی وسیستەمی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی چارەسەرکردنی کێشەکانیان ورووبەڕوو بونەوەی پێداویستیە هەمەچەشن وروو لە زیاد بووەکانیان لە پێناو خۆشگوزەرانی گشتی .

**٤. کاری خۆبەخشی /**

بریتیە لە کارێک یان جوڵەیەک کە ئەنجام دەدرێت لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجێک یان چەند ئامانجێکی دیاریکراو بەڵام پابەندی هیچ پاسایەک نیە و لەبارامبەردا سودێکی ماددی بوونی نیە ، پێشکەشی کەسانێک دەکرێت لە پێناو بەرەو باشتر بردنی ژیانییان

( المطیری ، ٢٠٠٨ ، ل٢٣ ) . خۆبەخشی بەخشینە لەلایەن مرۆڤەکان لە نێوان خۆیاندا بەویستی خۆیان (الاصفهانی ، ١٩٩٨ ، ل٣١٢) ، هەروەها هەوڵێکە لەلایەن کەسێک یان چەند کەسێک بە هۆکاری مرۆیی (الفوزان ، ٢٠٠٢ ، ل٧٧) .

**کاری خۆبەخشی /**

وەک هەڵێک دەناسێنرێت بۆ پێکەوە گرێدانی چین و توێژە جیاوازەکان ، لەڕێگەی دروستکردنی پەیوەندی لە رووی کەسی و لەهەمان کات لە رووی پیشەیی ، ئەمەش هۆکارە بۆ پێدانی ئەزموونی کاروئەزمونی پێکەوە ژیان (سعید ، ٢٠١٢ ، ل٢٨) .

بێناسەی ڕێککاری / کاری خۆبەخشی کارێکە لەلایەن کەسێک یان چەند کەسێک لەژێر دروشمی پێش کەشکردنی هاوکاری و یارمەتی بەبێ بەرامبەری ماددی بەچین و توێژێک لە پێناو بەرژەوەندی گشتی .

**بەشی دووەم / چوارچێوەی تیۆرەیی توێژینەوە**

**بەشی دووەم**

توێژینەوەکانی پێشوو دەربارەی کاری خۆبەخشی لای گەنجان

*** توێژینەوەی توێژەران ( عاصم محمد عبدالقادر ) ، (هنا حسنی النابلسی ) لە ساڵی ٢٠١٧**

بەناونیشانی (معوقات العمل التطوعی لدی شباب الجامعی فی الجامعة الاردنیة )

ئامانجی گشتی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە شارەزا بوون لە گرنگترین بەربەستەکانی بەردەم ئەنجامدانی کاری خۆبەخشی لای گەنجانی زانکۆ ، لەڕێگەی ( خودی خوێندکاری زانکۆ ، رۆشنبیری کۆمەڵگە ، ژینگە) ، لەم پێناوەدا توێژەران نمونەیەک لە کۆمەڵگەی گشتی زانکۆ بە رێژەی (١٨٩) خوێنکاری کچ و خوێنکاری کچ ، لەگەڵ بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری گەیشتوە بەکۆمەڵێک دەئەنجام لەوانەش ( خودی خوێنکار بەهۆی نەبوونی خولی راهێنان بۆ ئەنجامدانی کاری خۆبەخشی ، نەبوونی شارەزای دەربارەی ئەو شوێنانەی کە پێویستی بە ئەنجامدانی کاری خۆبەخشی هەیە ، ئەو لایەنەش کە تایبەتە بە رۆشنبیری کۆمەڵگە ئەوا لاوازە بەهۆی پێنەدانی بەهای کۆمەڵایەتی بەرز بە کسی خۆبەخش ، لەو خاڵەس کە تایبەتە بە ژینگەی زانکۆ بە هەمان شێوە لاوازە بەهۆی پێنەدانی گرنگی بە بابەتی خۆبەخشی لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە زانکۆ .

***توێژینەوەی توێژەران ( د.السعید محمود السعید ) ، (د.اسماعیل خالد علی المکاوی )**

بە ناونیشانی ( ممارسة العمل التطوعی لدی طلاب الجامعات فی مصر) لەساڵی ٢٠٢٠

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ئاشنابوون دەربارەی ئەنجامدانی کاری خۆبەخشی لەلایەن خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی (رەگەز/ نێر و مێ ) ، هەروەها گۆراوی شوێنی نیشتەجێ بوون( ناوشار و دەرەوەی شار ) بە وەرگرتنی نمونەی توێژینەوە بە شێوازی هەرەمەکی کە ژمارەیان (٧٩٧) خوێنکار لە ناو زانکۆکانی (الازهر ، کفرشیخ ، قاهیرة ، اسیوط ) .

لەگرنگترین دەرئەنجامەکانیشی ڕێژەی بەشداربوون لەناو خوێندکاران (مامناوەندە) بەبێ بوونی جیاوازی ئاماری لە رێژەی بەشدار بوان بەپێی رەگەز و شوێنی نیشتەجێ بوون .

***توێژینەوەی (ا.ظاهر محسن هانی ) ساڵی ٢٠٢٠**

بە ناونیشانی ( العمل التطوعی فی العراق اهمیته و معوقاته )

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات بۆ شارەزابوون لە سروشتی کاری خۆبەخشی وخستنە رووی لایەنی ئەرێنی ئەنجامدانی کاری خۆبەخشی ، هەروەها دیاریکردنی بەربەستەکانی بەردەم کاری خۆبەخشی ، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە توێژەر فۆرمی زانیاری بەکارهێناوە لەسەر نمونەیەک لە کۆمەڵگەی خوێندکارانی زانکۆی بابل بەرێژەی (١٣١) خوێندکار لە رەگەزی نێر و رەگەزی مێ بە شێوەی نمونەی هەرەمەکی ، لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ، رێژەی (٩٩،٢٪) لە خوێندکاران پاڵپشتی ئەنجامدانی کاری خۆبەخشی دەکەن لە پێناو پتەوبوونی بونیادی کۆمەڵایەتی ، هەروەها رێژەی (٦٩،٥٪) گرنگی پێدانی لایەنی فەرمی و پەیوەندیدار ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە سەرخستنی ئەنجامدانی کاری خۆبەخشی .

**باسی دووەم / لایەنی ئەکادیمی کاری خۆبەخشی**

ا. ڕەهەندەکانی کاری خۆبەخشی

* ڕەهەندی مرۆیی : یارمەتیدانی هەژاران وکەمدەستان دەگرێتەوە .

*ڕەهەندی ڕەهەندی رۆشنبیری وفێرکاری: نەهێشتنی نەخوێندەواری ، هۆشداریدان ودۆزینەوەی بەهرە شاراوەکان .

*ڕەهەندی کۆمەڵایەتی : بونیادنانی ریزی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دەوروبەر ، پتەوکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان .

*ڕەهەندی راگەیاندن : شارەزایی لە پرۆگرامەکانی کاری خۆبەخشی کۆمەڵایەتی لەپێناو دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان گەنجان وئەو بوارانەی کاری خۆبەخشی تێدا دەکرێت .

*ڕەهەندی سەقامگیری : پەرەپێدانی هەستەکانی مرۆڤ ، چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان .

ب .ئامانجی کاری خۆبەخشی لەسەر ئاستی کەسانی خۆبەخش

*پرکردنەوەی پێداویستیەکانی وەک :پێگەی کۆمەڵایەتی ، هەستکردن بە ئەندامێتی،بەدیهێنانی سەرکەوتن .

*ئاراستە کردنی تواناکانی گەنجان لە کاری سود بەخش لەپێناو فێربوونی لێهاتوویی وئەزمونی نوێ .

**بەشی دووەم /**

**باسی سێهەم / پەیوەندی کاری خۆبەخشی لەگەڵ کاری کۆمەڵایەتی وپسپۆڕی کۆمەڵایەتی**

١/ گۆڕینی دیاردەکان بۆ بواری وەبەرهێنان( کاری کۆمەڵایەتی لە ئاستی کارکتدن لەگەڵ تاک )

٢/گرنگیدان بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە نێوان چین و توێژەکان (کاری کۆمەڵایەتی لە ئاستی کارکردن لەگەڵ کۆمەڵە)

٣/ جەختکردنەوە لەسەر چارەسەری کیشە کۆمەڵایەتیەکان ( کاری کۆمەڵایەتی لە ئاستی رێکخستنی کۆمەڵایەتی )

٤/ ڕۆڵی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لەم بوارانە کاریگەرە لە پرسی کاری خۆبەخشی :

*هاندانی گەنجان بۆ ئەنجامدانی کاری خۆبەخشی

*جەختکردنەوە لەسەر گرنگیدان بە کارە بچوکەکان کە بەشێکن لە کارە گەورەکان

*جەختکردنەوە لەسەر گرنگی راهێنان بۆ گەنجان لەئەنجامدانی هەر کارێکی خۆبەخشی

*کارکردن بۆ بەهێزکردنی متمانەی گەنجانی خۆبەخش بۆ زاڵبوون بەسەر گرفتەکان لە هەڵوێستە جیاوازەکان

*شارەزاکردنی گەنجی خۆبەخش بەو توانایانەی کە هەیەتی و چۆنیەتی بەکارخستنیان

**بەشی سێهەم / میتۆد و ڕێکارە ئامارییەکانی توێژینەوە**

١.میتۆد هەروەک جۆلانی پێناسەی دەکات کە بریتیە لە کۆمەڵێک بنەمای زانستیە کە رێکارەکانی توێژینەوە رێک دەخات (الجولانی ، ٢٠٠٦ ، ل٣٠)

لەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهاتووە کە گونجاوترینە لەگەڵ سروشتی توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان ، زۆرینەی زانایانی بواری کۆمەڵایەتی بۆ گەیشتن بە زانیاری بەداتای ژمارەیی پەنای بۆ دەبەن(عبدالجواد ، ٢٠٠٩ ، ل١٠٩) .

لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە کە خستنە رووی تێروانینی گەنجانی ناو زانکۆیە بۆ کاری خۆبەخشی، میتۆی روپێوی کۆمەڵایەتی دوو جۆری هەیە /
یەکەمیان ( ڕوپێوی گشتگیر/مسح الشامل) دووەمیان ( روێوی بە نمونە /مسح بالعینة)، لەم توێژینەوەیە جۆری دووەم بەکار هاتوە بە وەرگرتنی نمونە لە کۆمەڵگەی گشتی توێژینەوە .
هەروەها بەکارهێنانی میتۆدی بەراوردکاری (منهج المقارن ) کە ناسراوە بە میتۆدی جیاوازی کردن لە نێوان کات و شوێنی بابەتێکی توێژینەوە لەگەڵ هەمان بابەت بەڵام لە کات و شوێنی جیاواز (حسن ، ٢٠١٢ ، ١٥٥) لە پێناو بەراوردکردنی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بە ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو .

**٢. کۆمەڵگەی توێژینەوە**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لەچەند خاسیەتێک کە توێژەر هەوڵی گشتاندنی دەدات بەسەر کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو ، جا ئەو کۆمەڵگەیە چین و توێژێک بێت یان کۆمەڵگەی مرۆیی بە گشتی (ابو علام ، ٢٠٠٦ ، ل٤٥) .
لێرەدا کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتیە کە کۆمەڵێک خوێندکاری بەشی کاری کۆمەڵایەتی لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی ، کۆی گشتییان (٢٦٦) خوێندکارە بە هەردوو رەگەزی (نێر)و(مێ) .

**٣. نمونەی توێژینەوە**

لە پێناو هێنانەدی ئامەنجەکانی توێژینەوە ، نمونەی توێژینەوەکە بە شێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردراوە بە ڕێژەی (٣٧،٥) کە نزیکەی (١٠٠) خوێنکار دەکات لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی زانکۆی سلێمانی .

**خەسڵەتەکان لە نمونەی توێژینەوە**

**١/ ڕەگەز (نێر ، مێ )**

خشتەی ژمارە (١) ڕێژەی ئەندامەنی نمونەی توێژینەوە دەخاتە روو بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

| ڕەگەز | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| نێر | ٤٧ | ٪١٧،٦ |
| مێ | ٢١٩ | ٪٨٢،٣ |
| کۆی گشتی | ٢٦٦ | ١٠٠٪ |

دەرخستەی ژمارە (١) زانیاریمان دەداتێ لەسەر جیاوازی دابەشبوونی ئەندامانی نمونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز ، بەجۆرێک ڕێژەی ڕەگەزی (مێ) زیاترە کە دەگاتە (٢١٩) ، لەکاتێکدا ڕێژەی ڕەگەزی (نێر) ڕێژەیان کەمترە کە (٤٧) کەسن ، ئەمەش ڕوونی دەکاتەوە کە ژمارەی خوێندکارانی کچ زیاتر بەبەراورد بە کوران لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی زانکۆی سلێمانی .

خشتەی ژمارە ( ٢) ڕێژەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوە دەخاتە روو بەپێی گۆڕاوی تەمەن وشوێنی نیشتەجێبوون

| تەمەن | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| ١٨ تا ٢٠ | ٣١ | ١١،٦٪ |
| ٢٠ تا ٢٢ | ٥١ | ١٩،١٪ |
| زیاتر لە ٢٢ ساڵ | ١٨ | ٦،٧٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠٪ |

درخستەی ژمارە (٢) تەمەنی ئەندامانی نمونەی توێژینەوە پیشان دەدات لە نێوان تەمەنی (١٨ تا زیاتر لە ٢٢) بۆمان دەردەکەوێت کە زۆرینەی بەشداربوانی توێژینەوە لە نێوان (٢٠ تا ٢٢) ساڵە بەڕێژەی (١٩،١٪) ی نمونەی توێژینەوەن ، لەبەرامبەردا تەمەنەکانی (١٨بۆ ٢٠) ، (زیاتر لە ٢٢ ساڵ) کەمتر بەشداربن .

**٤. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریەکانی توێژینەوە**

ئامراز لە توێژینەوەی زانستی یەکێکە لە گرنگترین بنەماکان ،لەرێگەیەوە توێژەر راستی وجێگیری هەندێک لە تیۆرەکان دەسەلمێنێت هەروەها هۆکارە بۆ بەدەستهێنانی تیۆرە وزانیاری نوێ(الربیعة ، ٢٠١٢ ، ل٢٣)

(بەردەوام روودەدات ، زۆربەی جار روودەدات ، تاڕادایەک روودەدات، روونادات ، بەهیچ شێوەیەک روونادات)

**پێکهاتەی فۆرمی زانیاری /**

بەشی ئەکەم / زانیاریە سەرەکیەکان لەسەر نمونەی توێژینەوە وەک (ڕەگەز، تەمەن ، شوێنی نیشتەجێ بوون) دەگرێتەوە هەروەک لە خشتەی ژمارە (١و٢و٣)خراونەتە ڕوو.

**بەشی دووەم /** ئامادەکردنی فۆرمێکی پێنج پێوەری بە (٤) بنمای سەرەکی بە گونجاندن و نەگونجاندن لەگەڵ ڕای نمونەی توێژینەوە . پاش خوێندنەوەو سود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو کە لەم بوارەدا ئەنجامدراون ، بەمجۆرە ئامرازی توێژینەوە لەکۆتاییدا وەستا لەسەر پێکهێنانی فۆرمێک کە لە (٥٦) بڕگە لەخۆدەگرێت ، کە ئەندامانی نمونەی توێژینەوە بەپێی پێوەری پێنجی وەڵامی دەدەنەوە

**٥. ڕاستی وجێگیری زانیاریەکانی توێژینەوە**

**١.ڕاستی ڕواڵەت /**

لەپێناو هەڵسەنگاندنی بڕگەکان ، فۆرمی زانیاری توێژینەوەکە ئاراستەی کۆمەڵێک کەسی پسپۆڕ کرا ، بەهۆی کۆکبوونی سەرجەمییان لەسەر بڕگەکەن بە بوونی جیاوازییەکی کەم ، بڕگەکان وەک خۆی چەسپێنرا .

خشتەی ژمارە (٣) ناوو نازناوی زانستی وشوێنی کاری پسپۆڕانی هەڵسەنگاندن دەخاتەروو

| ناوی پسپۆڕان | پلەی زانستی | ١٠٠٪ | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|
| **د.رزگار مصطفی غفور** | **پرۆفیسۆری یاریدەدەر** | **٩٧٪** | **کاری کۆمەڵایەتی /زانکۆی سلێمانی** |
| **د.کوێستان علی عبدالله** | **پرۆفیسۆری یاریدەدەر** | **٩٧٪** | **کاری کۆمەڵایەتی** |
| **د.شیلان علی عارف** | **مامۆستا** | **٩٨٪** | **کاری کۆمەڵایەتی** |
| **د. شیرین محمد ڕشید** | **مامۆستا** | **٩٦٪** | **کاری کۆمەڵایەتی** |

**٢.ڕاستی بونیادی /**

ئەم ڕاستیە لەرێگەی ئەژمارکردنی پەیوەندی نێوان برگەکان ورەهەندەکان دەردەکەوێت (محاسنە ، ٢٠١٣ ،ل١٦١) ، فۆرمەکە دابەشکرا بەسەر (٣٣) کەس بۆ دڵنیا بوون لە ڕاستی و جێگیری پرسیارەکان .پاشان بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری بۆ پێوانەکردنی رەهەندەکان لە پلەی پەیوەندی ئاماری بە ئاستی (٠،٠١)ی تایبەت بە پێوەری (ئەلفا کرۆنباخ) ، لە کۆتاییدا ڕێژەی ئاستی جێگیری گەیشتە (٠،٩٠٩٢) لە پلەی هێزی ئاماری (٠،٠١) .

**٣.شیکردنەوەی ئاماری /**

لەم توێژینەوەیە چەند ڕێکارێکی ئاماری هاوچەرخ بەکار هاتوە بۆ شیکردنەوەی داتاو زانیاریەکان ، پاش وەرگرتنی ناوەندی گشتی تێڕوانینی گەنجانی زانکۆ بۆ کاری خۆبەخشی لەرێگەی بەرنامەی ئاماری تایبەت ئاستی گرنگی ژمارەی پێدەدرێت بۆ گونجاندنی لەرووی ئاماری ، بەو پێیەش ناوەندی (زۆرگرنگ )ڕێژەی (٤،٢٠) ، لەکاتێکدا ڕێژەی (٣،٤٠ تا ٤،١٩) ئاستەکەی (گرنگە) ، پاشان ڕێژەی (١،٧٩) لە ئاستێکی (مامناوەد) دایە ، هەروەها ڕێژەی (١،٨٠ تا ٢،٩) ئاستیان (کەم گرنگ) ە ، لە کۆتاییدا ڕێژەی ( ١،٧٩) هیچ گرنگیەکی نیە کاری لەسەر بکرێت .

خشتەی ژمارە (٤) ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری خوێندکاران دەخاتەروو سەبارەت بە ئاستی ئەنجامدانی کاری خۆبەخشی لەناو خوێنکارانی ناو زانکۆ

| ب | برگەکان | بەردەوام | زۆربەی کات | هەندێک کات | بەدەگمەن | هیچ کات | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | گرنگی وەڵام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | **بەشداربووم لەهەڵمەتی خێرخوازی بۆ یەرمەتی هەژاران** | ٧،٤ | ١٠،٧ | ٢٥،١ | ٠،٢ | ٣٧،٦ | ٠،٣١ | ٠،٢٨ | ١ |
| ١ | **بەشداربووم لەسەردانکردنی نەخۆش وهاوکاری کردنی** | ٢،٦ | ٦،٣ | ٢٤،٤ | ٠،٢ | ٣٧،٦ | ٠،٧ | ٠،٥ | ٢ |



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | بەشداربووم لە هەڵمەتی هۆشیاری کۆمەڵایەتی | ٢،٢ | ٨،١ | ١٥،١ | ١٨،٨ | ٥٥،٧ | ٠،٨٢ | ٠،١٠ | ٣ |
| ٩ | بەشداربووم لە هاریکاری کۆمەڵەو رێکخراوەکان | ٣،١ | ٨،٥ | ١٢،٥ | ٠،١٤ | ٦٠،٩ | ١،٨١ | ١،١٩ | ٤ |
| ٧ | بەشداری لە فریاگوزاری لیقەوماوان | ٣،٣ | ٥،٩ | ١٦،٢ | ١٥،٥ | ٥٩،٠ | ١،٧٩ | ١،١٢ | ٥ |
| ١٣ | بەشداربووم لە کاری خۆبەخشی پاراستنی ژینگە | ١،٨ | ٥،٩ | ١٤،٠ | ٠،١٧ | ٦١،٣ | ١،٠٧ | ١،٠٣ | ٦ |
| ٦ | هاوکارم لەگەڵ رێکخراوی خاوەن پێداویستی تایبەت | ٠،٧ | ٣،٧ | ٨،٥ | ٧،١٧ | ٦٩،٣ | ١،٤٩ | ٠،٨٦ | ٧ |
| ١١ | هاوکارم لەگەڵ دەزگاکانی بەرگری شارستانی | ١،٨ | ١،٨ | ٦،٣ | ٤،٢١ | ٦٨،٦ | ١،٤٧ | ٠،٨٢ | ٨ |
| ٣ | هاوکارم لە هەڵمەتی نەهێشتنی جگەرە کێشانی هەرزەکاران | ١،٨ | ٢،٦ | ٧،٠ | ١٥،٥ | ٧٣،١ | ١،٤٥ | ٠،٨٨ | ٩ |



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨ | بەشدارم لە هەڵمەتی لەناوبردنی مادەی هۆشبەر | ١،٨ | ٢،٢ | ٥،٩ | ١٤،٨ | ٧٥،٣ | ١،٤١ | ٠،٨٥ | ١٠ |
| ٥ | بەشداربووم لە هاوکاریکردنی داهێنەرانی گەنج | ٠،٤ | ٢،٢ | ٥،٢ | ١٥،٥ | ٧٦،٧ | ١،٣٤ | ٠،٧١ | ١١ |
| ٢ | بەشدارم لە هاریکاری لە بواری مناڵان | ٠،٧ | ١،٨ | ٤،٤ | ١٤،٠ | ٧٨،٩ | ١،٣٢ | ٠،٧٩ | ١٢ |
| ١٢ | بەشدارم لە نەهێشتنی نەخوێندەواری لە گوندەکان | ٢،٢ | ١،٥ | ٣،٣ | ٩،٢ | ٨٣،٨ | ١،٢٩ | ٠،٧٩ | ١٣ |
| | ئاستی بەشداریکردن زۆر نزمە | ٢،٢ | ٤،٨ | ١١،٤ | ١٧،٠ | ٦٤،٦ | ١،٦٣ | / | / |

دەرخستەی ژمارە ( ٤) ناوەندی گشتی تێڕوانینی گەنجانی زانکۆ دەخاتەڕوودەربارەی ئاستی بەشداریکردنیان لە کاری خۆبەخشی ، لێرەدا ئاستێکی زۆر نزمی تۆمارکردوە کە (١.٦٣) ە ، کەمترین ئاست بۆ پرسیاری (١) بوە کە ڕێژەی (٠،٧) لە سەردانی کردنی گەنجانی زانکۆ بۆ لای نەخۆش لە نەخۆشخانەکان وهاوکاری کردنیان ، لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە بەشداری گەنجانی زانکۆ لە زۆربەی بوارەکان لە پاشەکشەدایە ، هەروەک وەڵامەکان لە پرسیارەکانی ( ٤ و ١٠ و١٣) کە ڕێژەکانیان لە نزمترینەکانن .

خشتەی ژمارە (٥) ناوەندی ژمێرەیی ولادانی و پێوەری خوێندکاران دەخاتە روو سەبارەت بە ئەو بوارانەی ئارەزوو دەکەن کاری خۆبەخشی تیادا ئەنجام بدەن

| ب | برگەکان | زۆر هاوڕام | هاوڕام | تارادەیەک هاوڕام | هاوڕا نیم | هیچ هاوڕانیم | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | گرنگی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | هەڵمەتی هاوکاریکردنی هەژاران | ٥٥،٠٠ | ٣،٣٠ | ١١،٤ | ١،٥ | ١،٨ | ٤،٣٥ | ٠،٨٣ | ١ |
| ١ | سەردانی نەخۆش و هاوکاری کردنی | ٣٥،٤ | ٤،٣٨ | ٢٠،٧ | ٣،٣ | ٢،٢ | ٤،٠١ | ٠،٩٥ | ٢ |
| ٧ | هەڵمەتی لێقەوماوان ئەدەم | ٣٥،٨ | ٠.٣٨ | ٢٠،٧ | ٨،٩ | ٣،٧ | ٣،٨٨ | ١،٠٩ | ٣ |
| ٦ | یارمەتیدانی خاوەن پێداویستی تایبەت | ٣٤،٧ | ٠،٣١ | ٢٤،٠ | ٩،٢ | ٢،٦ | ٣،٨٥ | ١،٠٨ | ٤ |
| ١٣ | پاراستنی ژینگەکەم | ٣٤،٧ | ٢٩،٥ | ٢٥،٨ | ١١،٤ | ٣،٧ | ٣،٧٦ | ١،١٥ | ٥ |
| ١٢ | هەڵمەتی نەهێشتنی مادەی هۆشبەر بکەم | ١،٣ | ٢٤،٤ | ٢١،٤ | ٨،٥ | ٨،٥ | ٣،٧٤ | ١،٢٧ | ٦ |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | هەڵمەتی نەهێشتنی جگەرە کێشان لای هەرزەکار | ٢٨،٨ | ٢٢،٥ | ١٠،٣ | ٧،٤ | ٧،٤٢٣ | ٣،٦٣ | ١،٢١ | ٧ |
| ١٠ | کاری خۆبەخشی بۆ لایەنی رۆشنبیری | ٢٠،٣ | ٣١،٧ | ٣٢،٥ | ٨،٩ | ٦،٧ | ٣،٤٨ | ١،١٢ | ٨ |
| ٨ | پاراستنی مافەکانی منداڵ | ٢٢،١ | ٢٨،٨ | ٢٩،٥ | ١٢،٩ | ٦،٧ | ٣،٤٨ | ١،١٦ | ٩ |
| ٥ | بواری وەرزشی | ٢٢،١ | ٢٦،٢ | ٣١،٠ | ١٣،٣ | ٧،٤ | ٣،٤٢ | ١،١٨ | ١٠ |
| ٢ | بەرگری شارستانی | ١٩،٩ | ٢٦،٩ | ٢٩،٩ | ١٧،٧ | ٥،٥ | ٣،٣٨ | ١،١٥ | ١١ |
| ٩ | هاوکاری داهێنەران | ٢٥،٨ | ١٩،٩ | ٢٤،٤ | ١٦،٢ | ١٣،٧ | ٣،٢٨ | ١،٣٧ | ١٢ |
| ١١ | بەساڵاچوان | ١٦،٢ | ٢٧،٣ | ٢٧،٣ | ٣١،٠ | ١٥،٩ | ٣،٢٥ | ١،١٧ | ١٣ |
| | بوارەکانی خۆبەخشی ناوەندی بەرزە | ٢٩،٩ | ٢٨،٤ | ٢٥،١ | ٢٥،١ | ١٠،٧ | ٥،٩ | ٣،٦٦ | / |

دەرخستەی ژمارە (٥) بەرزترین رێژەی ئامادەباشی بۆ کاری خۆبەخشی دەخاتە روو ، بەجۆرێک ناوەندی گشتی تێڕوانینی گەنجانی زانکۆ سەبارەت بەو بوارانەی ئارەزووی کاری خۆبەخشی تێدا دەکەن ، گەیشتوەتە (٥،٩) کە بەرزترین گرنگی هەیە لە وەڵامەکان ،

هەروەک وەلامی پرسیاری (٤) کەرێژەکەی (٤،٣٥) وپرسیاری (١) کە رێژەکەی (٤،١) لە بەرزترینەکانن ، زانیاریەکانی ئەم فۆرمە وەک وەڵامێک وایە بۆ دەرخستەی ژمارە(٣) کە بەشداری گەنجان ئاستێکی نزمی تۆمار کردبوو

خشتەی ژمارە (٦) ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری تێڕوانینی خوێندکاران دەربارەی ئەو سودەی کە گەنجان لەپای ئەنجامدانی کاری خۆبەخشی چاوەڕوانی دەکەن

| ب | برگەکان | زۆر هاوڕام | هاوڕام | ئارادەیەک هاوڕام | هاوڕا نیم | هیچ هاوڕا نیم | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | گرنگی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٧ | لێهاتوویی نوێ | ٦٢،٤ | ٢٧،٧ | ٨،٨ | ٠،٧ | ٠،٤ | ٤،٥١ | ٠،٦٧ | ١ |
| ٨ | ئەزمونی مەیدانی | ٦٠،٩ | ٢٦،٦ | ١٠،٣ | ١،٥ | ٠،٧ | ٤،٤٥ | ٠،٧٤ | ٢ |
| ١ | سود وەرگرتن لە کات | ٥٦،٨ | ٣٠،٣ | ٣٠،٣ | ١١،١ | ١،١ | ٤،٤١ | ٠،٧٩ | ٣ |
| ١ | بەشداری کۆمەڵایەتی | ٥٤،٢ | ٣٢،٥ | ٣٢،٥ | ١٢،٢ | ٠،٤ | ٤،٣٩ | ٠،٧٤ | ٤ |
| ١٠ | زیادکردنی بروا بە خود | ٥٥،٧ | ٢٩،٢ | ٢٩،٢ | ١٠،٧ | ٣،٧ | ٤،٣٥ | ٠،٧٨ | ٥ |
| ٢ | گەشە بە کەسایەتی | ٥٠،٦ | ٣٦،٢ | ٣٦،٢ | ١٠،٣ | ٢،٦ | ٤،٣٤ | ٠،٨٠ | ٦ |
| ٤ | ئەزموونی زانستی | ٥٢،٨ | ٢٩،٩ | ٢٩،٩ | ١٤،٠٠ | ١،٨ | ٤،٣١ | ٠،٩١ | ٧ |
| ١٢ | گەشەی رۆشنبیری | ٤٩،١ | ٣٤،٣ | ٣٤،٣ | ١٣،٧ | ٢،٢ | ٤،٢٩ | ٠،٨٥ | ٨ |
| ١٣ | شارەزابون لە کێشەکان | ٤٩،٤ | ٣٣،٢ | ٣٢،٢ | ١٣،٣ | ٣،٠٠ | ٤،٢٧ | ٠،٨٦ | ٩ |
| ٦ | گەشەپێدانی پەیوەندی | ٤٨،٣ | ٢٦،٩ | ٤٨،٣ | ١٣،٤ | ١،٥ | ٤،٢٥ | ٠،٨٣ | ١٠ |
| ٩ | هەستکردن بە ئەندامێتی | ٤٦،٥ | ٣١،٧ | ٤٦،٥ | ٢٦،٩ | ٣،٧ | ٤،١٣ | ٠،٩٧ | ١١ |
| ٥ | هەلێ کاری داهاتوو | ٤٢،١ | ١٤،٤ | ٤٢،١ | ٣١،٧ | ٢،٦ | ٤،١٠ | ٠،٩٥ | ١٢ |
| ١١ | | ٣٥،١ | ١٤،٤ | ٣٣،٢ | ١٥،٥ | ١،٨ | ٣،٤٥ | ١،٤١ | ١٣ |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی بەرزە بۆ چاوەڕوانی سودی کاری خۆبەخشی زۆر بەرزە | ٥٠،٩ | ٢٩،٥ | ١٤،٤ | ١٤،٤ | ٣،٣ | ٤،٢٤ | / | / |

دەرخستەی ژمارە (٦) ناوەندی گشتی گەشبینی گەنجانی زانکۆ بۆ دەرئەنجامەکانی کاری خۆبەخشی کە (٤،٢٤) کە ئاستێکی بەرزی وەڵامدانەوەی هەیە ، لە پرسیاری (٧)بەرزترین ئاست بۆ چاوەڕوانی گەنجانە بۆ فێربوونی لێهاتوویی نوێ ، ئەمەش سەرەتایەکی باشە بۆ ئەنجامدانی کاری خۆبەخشی کە نەک لایەنی سود مەند بەڵکە گەنجانیش شارەزایی ولێهاتوویی نوێ فێردەبن ، هەروەها ئەو پرسیارەی تایبەتە بە وەرگرتنی ئەزمون رێژەکەی بەرزە (٤،٤٥) ،بەمجۆرە بۆمان دەدەکەوێت کە ئامادەباشی پێشوەختە لای گەنجان بوونی هەیە وبەشێوەیەکی ئەرێنی کە کاری خۆبەخشی ئەڕوانن .

خشتەی ژمارە (٧) ناوەندی ژمێرەیی ولادانی پێوەری تێڕوانینی خوێندکاران دەخاتە روو سەبارەت بە ئاستەنگەکانی بەردەم ئەنجامدانی کاری خۆبەخشی

| ب | برگەکان | زۆر هاوڕام | هاوڕام | تا رادەیەک هاوڕام | هاوڕا نیم | هیچ هاوڕا نیم | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | گرنگی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | کایگەری نەرێنی هۆیەکانی راگەیاندن | ٥٦،٥ | ٢٩،٢ | ١٠،٠ | ٣،٧ | ٠،٧ | ٤،٣٧ | ٠،٨٢ | ١ |
| ٧ | کەموکوڕی لە ناساندنی بەرنامەکانی کاری خۆبەخشی | ٥٢،٤ | ٣٣،٩ | ١٠،٠ | ٢،٦ | ١،١ | ٤،٣٤ | ٠،٨٢ | ٢ |
| ١٣ | نەبوونی پەیوەندی لە نێوان رێکخراوەکان وگەنجانی زانکۆ | ٥٢،٠ | ٣١،٧ | ١١،٣ | ٢،٦ | ٠،٧ | ٤،٣٢ | ٠،٨٤ | ٣ |
| ١٢ | نەبونی شارەزای گەنجان بە | ٥٠،٩ | ٣٢،٥ | ١٤،٠ | ٠،٧ | ١،٨ | ٤،٣٠ | ٠،٨٣ | ٤ |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕێکخراوەکان بۆ کاری خۆبەخشی | | | | | | | | |
| ١١ | نەبوونی خولی ڕاهێنانی گەنج بۆ کاری خۆبەخشی | ٥٠،٩ | ٢٩،٥ | ١٥،٥ | ٣،٣ | ٠،٧ | ٤،٢٧ | ٠،٨٧ | ٥ |
| ٣ | نەبوونی سپۆنسەر بۆ پرۆگرامی کاری خۆبەخشی | ٤٧،٦ | ٣١،٤ | ١٥،٩ | ٤،٤ | ٠،٧ | ٤،٢١ | ٠،٩٢ | ٦ |
| ١٠ | نەبونی هۆشیاری خێزان بۆ کاری خۆبەخشی | ٥١،٣ | ٢٤،٧ | ١٧،٧ | ٤،١ | ٢،٢ | ٤،١٩ | ٠،٩٩ | ٧ |
| ٢ | دیاری نەکردنی بوارەکانی خۆبەخشی بۆ گەنجان | ٤٧،٢ | ٣٣،٢ | ١١،٨ | ٥،٢ | ٢،٦ | ٤،١٧ | ٠،٩٨ | ٨ |
| ٩ | نەبوونی شارەزای گەنجان بە چۆنیەتی بەشداری کردن | ٤٦،٥ | ٢٨،٨ | ١٧،٧ | ٤،١ | ٣،٠ | ٤،١٢ | ٠،٩٨ | ٩ |
| ١ | نەبوونی شارەزایی لە سودە گشتیەکانی پاش کاری خۆبەخشی | ٤٣،٥ | ٢٦،٩ | ٢١.٤ | ٥،٥ | ٢،٦ | ٤،٠٣ | ١،٠٥ | ١٠ |
| ٥ | تەرخان نەکردنی کاتی تایبەت | ٤٤،٦ | ٢٠،٧ | ٢٢،٥ | ٦،٦ | ٥،٦ | ٣،٩٢ | ١،١٩ | ١١ |
| ٨ | نەبوونی پەیوەندی لە نێوان لایەنی پەیوەندیدار وگەنجانی زانکۆ | ٣٥،٨ | ٣٢،١ | ٢١،٠ | ٧،٠ | ٤،١ | ٣،٨٩ | ١،٠٤ | ١٢ |
| ٦ | لاوازی کلتوری کاری خۆبەخشی | ٢٩،٩ | ٢١،٠ | ١٨،٨ | ١٩،٩ | ٣،١٠ | ٣،٠٤ | ١،٣٧ | ١٣ |



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | **ناوەندی ژمێرەیی لەم رەهەندە ئاستەنگەکان هۆکارن بۆ بەشداری نەکردن لە کاری خۆبەخشی بەرزە** | ٤٦،٩ | ٢٨،٨ | ١٦،٢ | ٥،٥ | ٢،٦ | ٤،١٢ | | / |

دەرخستەی ژمارە (٧) ئەو ئاستەنگانە روون دەکاتەوە کە رێگرن لەبەردەم بەشداریکردنی گەنجان بەگشتی و گەنجانی زانکۆ بە تایبەتی بەپێی ناوەندی گشتی لەم خشتەیە کە رێژەیەکی بەرزی تۆمار کردوە دەگاتە ( ٤،١٢) کە لە وەڵامە گرنگەکانە وکاریگەری دروست کردوە بۆ بەشدای نەکردنی گەنجان ، هەروەک لە وەڵامی پرسیاری (٤) کەبەرزترین رێژەی تۆمار کردوە کە (٤،٣٧) ، کە نەبوونی رۆڵی راگەیاندن دەخاتە روو وەک پێویست ، لەکاتێکدا نزمترین رێژە بۆ پرسیاری (٦) بەرێژەی (٣،٤) کە لاوازی کلتوری خۆبەخشیە لەناو کۆمەڵگە بەگشتی وگەنجان بە تایبەتی .

**دەرئەنجامەکان /**

لێرەدا گفتوگۆی دەرئەنجامەکان دەکەین ، پاشان بەراوردییان دەکەین بە دەرئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو:

١. لەم توێژینەوەیە بۆمان دەرکەوت کە بەشداری گەنجان لە ئاستێکی نزمدایە بە رێژەی ( ١.٦٣) ی نمونەی توێژینەوە ، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی زانیاری لەلایەن گەنجان لەرووی جۆری کاری خۆبەخشی گونجاو ، لەلایەکی دیکە لە رووی دیاریکردنی بوارەکانی کاری خۆبەخشی .

ئەم دەرئەنجامە یەک دەگرێتەوە لەگەڵ دەرئەنجامی توێژینەوەی ( عاصم محمد عبدالقادر) کە ساڵی ٢٠١٧ ئەنجامدراوە ،کە هۆکاری کەمی ولاوازی بەشدایکردنی گەنجان دەگەڕێنێتەوە بۆ نەبوونی زانیاری وشارەزایی بەهۆی نەرەخساندنی هەلی فێربوون .هەروەها توێژینەوەی (د.السعید محمود السعید ) کەلە ساڵی ٢٠٢٠ ئەنجامی داوە ، هەمان دەرئەنجامی بەدەستهێناوە کە بەشداری گەنجانی زانکۆ لە ئاستی مامناوەنددایە لە کاری خۆبەخشی ، ئەمەش بەدیهێنانی ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەمانە لە دیاریکردنی ئاستی بەشداری گەنجانی زانکۆ لەکاری خۆبەخشیدا

٢.لەڕێگەی هەڵسەنگاندنی بۆچوونی گەنجانی زانکۆ بەتایبەت بەشی کاری کۆمەڵایەتی کە ئامادەباشیەکی زۆرییان دەرخستوە بۆ سەرجەم بوارەکان کەرێژەکەی (٥.٩) بەرزترین ئاستە ، ئەمە لەلایەک ،لەلایەکی دیکە ئارەزووی خوێندکارانی بەشی کاری کۆمەڵایەتی بەرێژەیەکی بەرز لە سەردانکردنی نەخۆش وپێدانی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی ودەروونی بووە بەتایبەتیش نەخۆشانی تووشبووی شێرپەنجە وتووشبوانی ئۆتیزم وداون سیندرۆم ونەخۆشیە درێژ خایەنەکان ، ئەم دەرئەنجامە جێگەی گرنگی پێدانە لەلایەنی پەیوەندیدار لە گۆڕینی ئەم ئارەزووە بۆ کاری پیشەیی لەناو نەخۆشخانەکان .

٣.دەرئەنجامێکی دیکە بەدەست هاتووە ، ئەویش ئەو هۆکارانەی کە بەربەستن لەبەردەم بەشداریکردنی گەنجانی زانکۆ، نەبوونی شارەزایی دەربارەی رێکخراوەکانی تایبەت بەکاری خۆبەخشی لەلایەن خوێندکاران ، هەروەها لاوازی رۆڵی هۆیەکانی راگەیاندن لە ناساندنی بوارەکان، ئەمەش بەدیهێنانی ئامانجێکی دیکەی توێژینەوەکەیە کە خستنەرووی هۆکارە رێگرەکانە لەبەردەم لاوازی ئاستی بەشداری کردنی گەنجی زانکۆیە .

٤.یەکێکی دی لە دەرئەنجامە سەرنج راکێشەکانی ئەم توێژینەوەیە ، بریتیە لە ئازووی بەشداریکردن لای گەنجانی زانکۆلە بەشی کاری کۆمەڵایەتی دەگەرێتەوە بۆ چاوەڕوانییان دەربارەی وەرگرتنی لێهاتوویی نوێ یە ، وەک ئەزموونی کار ، فراوانکردنی پەیوەندیە کەسی و پیشەییەکان ، ئەمەش ئامانجێکی دیکەی توێژینەوەکەیە دەربارەی ئەو سودەی خوێندکاران چاوەڕوانی دەکەن پاش ئەنجامدانی کاری خۆبەخشی وجێگەی خۆشحاڵی یە کە وەک ئامانجێک بەکاربێت بۆ ناساندنی گەنجان بەکاری خۆبەخشی ورێکخراوە تایبەتمەندەکان .

**ڕاسپاردەکان**

لەڕۆشنایی ئەو دەرئەنجامانەی لەم توێژینەوەیە بەدەست هاتوون توێژەر ئەم راسپاردانە دەخاتە ڕوو /

١. گرنگیدان بە بابەتەکانی تایبەت بە کاری خۆبەخشی لەناو پرۆگرامەکانی خوێندن لە پێناو ئاشنابوونی گەنجان بە جۆرو گرنگی وشێوازەکانی ئەنجامدانی کاری خۆبەخشی .

٢.رەخساندنی بواری کارکردنی گەنجان لە بوارەکانی کاری خۆبەخشی ، ئەمەش دوو سوودی هەیە . ئەکەمیان وەبەرهێنان لە تواناکانی گەنجان وسود گەیاندن بە لایەنی کار ، لەلایەکی دیکە پەرەپێدانی کەسایەتی گەنج وبەرفراوانکردنی پەیوەندییەکانی

٣.بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە کۆمەڵگە وبەرزنرخاندنی کاری خۆبەخشی و بڵند کردنی بەهای کۆمەڵایەتی کەسی خۆبەخش لەناو کۆمەڵگەدا ، ئەمەش هاندەرە بۆ گەنجان بۆ بەشداربوون لە کارە خۆبەخشیەکان .

**پێشنیازەکان**

١.ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی دەربارەی پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی کاری خۆبەخشی وئەو بەربەستانەی کەوا دەکەن پرۆسەکە سەرکەوتوو نەبێت .

٢.بەشداری پێکردنی گەنجان لە زانکۆدا لە هەڵمەتەکانی ناشتنی نەمام وپاککردنەوەو چاککردنەوەی کەلوپەلەکانی ناو زانکۆ ، ئەمەش کاریگەرە ولە یادگاری خوێندکاران دەمێنێتەوە .

٣.ناساندنی کاری خۆبەخشی وبوارەکانی لەرێگەی دابینکردنی کتێب وگۆڤارەکان ، کاربکرێت بۆ ئاسانی بەردەستبوونییان لەلایەن خوێندکاران .

**سەرچاوەکان**


١. الاسدى ، سعيد جاسم ، فلسفة التربية فى تعليم الجامعى ، دارالصفا للنش ، عمان ، الاردن ، ٢٠١٤ ، ص٦٩ .

٢.المحروقى ، شادية ، فى اعداد البحث العلمى القانونى ، مكتبة قانون والاقتصاد ، رياض ، ط١ ، ٢٠١٢ ، ص١٥.

٣.الفتلاوى ،سهيلة ، تعديل السلوك فى التدريس ، الشمال للنشر ، رياض ، ٢٠٢٠ ، ص٧٧.

٤.الحسن ، احسان محمد ، النظريات الاجتماعية ، دار وائل للنشر ، ط٣ ، ٢٠٠٥ ، ص١٥٥.

٥.ابو علام ، رجا ، منهاج البحث فى العلوم الانسانية والتربوية ، دار النشر للجامعات ، قاهرة ، ط٥ ، ٢٠٠٦ ، ص٤٦ .

٦.الديل ، خالح بن عبدالله ، مهارات بحث الاجتماعى ، دار العبيكان ، رياض ، ٢٠٠٦ ، ص١٠٢ .

٧. الخفاجى ، حيدر عبدالرضا ، دليل التطبيقى فى كتابة البحوث النفسية ، الكلمة الطيبة للنشر ، بغداد ، ٢٠١٤ ،ص١٦ .

٨.الجولانى ، فادية ، تصميم البحوث الاجتماعية وتنفيذها ، مكتبة المصرية ، الاسكندرية ، ٢٠٠٦ ، ص٣٠ .

٩. المطيرى ، امل ، قلق المستقبل وعلاقته بالتوجه الى الحياة ، دار الصفا ، جدة ، ٢٠٠٨ ، ص٢٣ .

١٠.الاصفهانى ، الراغب ، المفردات فى غريب القرآن ، دار المعرفة ، بيروت ، ١٩٩٨ ، ص٣١٢ .

١١.الرباح ، عبداللطيف بن عبدالعزيز ، التربيّة على العمل التطوعى وعلاقته بالحاجات الانسانية ، دار تربية ، قاهرة ، ص١١٧ .

١٢. عبد صحبة ، زينة ، المرونة النفسية وعلاقتها بالتوجه نحو الحياة ، كلية اداب ، بغداد ، ٢٠١٦ ، ص٤٣،٤٤ .

١٣.الفوزان ، خصائص العمل ومستوى الاجهاد الوظيفى ، دار سلام ، رياض ، ٢٠٠٩ ، ص٧٧ .

١٤.ياسين ، ايمن ، الشباب والعمل الاجتماعى التطوعى ، دار التميز ، قاهرة ، ٢٠٠٢ ، ص٣٦ .

١٥.يعقوب ، احمد ، ادارة العمل التطوعى ، زينة للنشر ، رياض ، ص ٢٢ .

١٦.النغيمشى ، نوال ، نظريات العمل التطوعى ، دار الجامعى ، رياض ، ٢٠١٢ ، ص١٣٨ .

**English source**

1.Nucholls, C .( 2004) . Towards a cultural psychology of voluntary action beliefs , pp411/425 .

2.Hommel , B. (2003) . Acquisition and control of voluntary action , pp.34/48 .

3.Home office , (2004) .A review of the home office older volunteers initative , reaserch study ,(248) , London .Home office.

**Abstract**

Volunteering is now seen as a necessity for human coexistence. Volunteering is not only providing material assistance to the poor, it has expanded to other social and psychological aspects The main objective of this research is to involve young people in general and university youth in particular, by getting their opinions on this issue and the most important areas of volunteer work What are the obstacles to youth participation? This study consists of three main parts:

Part 1 / General Research Framework (Problems, Importance and Objectives)

Part 2 / Theoretical Framework of the Research (Description of Scientific Theory in Volunteering)

Part 3 / Research Methodology (The type of this research is descriptive analysis, the research community are students of the Department of Social Work in Sulaimani University who were randomly recruited from the main community, using information forms and measuring through statistical criteria known as (measurement).

The most important results of this study are that there is a great desire among university youth to participate in volunteer work and currently the opportunity to participate is not available.